# پڕۆژەی نەوتەکەی سەردار پشدەری چوە گیرفانی باوە بوشەوە.

عەلی مەحمود محەمەد

کارم بەوەوە نی یە کاك سەردار پشدەری چ کارەیەو چۆن بیرە کاتەوەو ڕەنگی ئالاَی ئەو پارتەی پشگیری لێ دەکات چۆنە، ئەمە کاری شەخسی یە و با بۆ خۆی بێت. بەلاَم ئەو شایەدیەی بۆ دەدەم لە دوای ڕاپەڕین پێش هەلبژاردن کەس نەوتی لە یاد نەبوو بۆ ناو چراو سۆبە نەبوایە ئەو یەکەم کەس بوو بیرۆکەی پڕۆژەی نەوتی کوردستانی هێنایە ناو کوردان، هەوالەکەی وەك ئاگر لە پەرێز دان بە کوردستاندا بلاَو بووەوە، سەرنجی بەشێك لە جەماوەری ڕاکێشا و دلی زۆری خۆش کرد، وامان دە زانی کاکە سەردار نوێنەری گەورە هێزانە، منیش وەك کەسێك خۆش باوەڕ هەر زوو گیرفانم چوو بە ئاسمانا بەشی خۆم تێیدا بینی یەوە و جورە ئەو ڕۆژانە نای وێرا سەردانی سکم بکات، خوا پێم نەگرێت نەوت فرۆشەکان سەر جادەکان وا زەندەقیان چوو هەندێکیان بەرمیل و تەنکەرەکانیان لە ترسا هەرزان فرۆش کرد خەتی نەوت هێنانیش ساردی تێ کەوت ودۆلاریش کەمێك ڕوو لە نشێو بۆی دابەزی، حزبە سیاسی یەکانیش زەندەقیان چوو لەوەی کاسبی یەکەیان کەساد بێت، مامە سەردار لە سێبەری کۆمپانیاکەی پارتێکی سیاسی دروست بکات. ئەم خەونە کۆمپانیای نەوتی کوردستان بۆ یەکەمجار کاك سەردار چاندی لە کوردستان ئێتر خەونە یان واقیع بەلاَم ئێمە سەری لێ دەرناکەین. لە ڕوی یاسییەوە شیاوی جێبەجێ بونە یا هەر خەون و پڕۆپاگەندەی سیاسی بوو بۆ ئەوانە بۆ مامە سەردار بەجێ دێلم. خۆ تا ئێستا کەسم نەدیوە نان و بەرنامەی حزبی خواردبێت، ئەی بۆ مام سەرداریش ئەم بەر نامەیەی نەبێت خۆ کەس لە شەڕی نێوان گاز و بەنزین بە کوشت ناچێت. بە قسەی ینك و پدك بوایە پێش هەلبژاردن لە ١٩–٥ بەدواوە سەرجەم عارەبانەو کارتۆنی دەس فرۆشەکان شێخەلاَو بەر دەرکی سەرا ببونایە بە لەیلە عەلەوی. ئەوە لە شینای ئاودانەکەی شێخە شەلەو مەلا نەفتەی ڕەحمەتی گەڕێن بە نیاز بوون شیناییەکانی کونە فلوسە بە مێك ئاو دات. ئێمەش کەمێك نان و نەفتی مام سەردارمان خوارد. من مام سەردارم نەدیوە بەلاَم کەناوەکەی دەبینم نەوت و باباگوڕگوڕ و بەرمیل و دۆلارم دێتە پێش چاو.

مام سەردار لە هەموو کەس زیاتر خۆی بە خاوەند نەوتی کوردستان دەزانێت هەقیشیەتی پێش ئەو بۆ کەسی کە باسی نەکرد. خۆ بەخاوەند زانیەکەی لە ئاستێکدایە لە ئاستی ئەوەی مەلیکی کوردستان بێت یاخود سەرۆکی میلشیای چەکدار چالە نەوتەکان لەژێر دەسەلاَت ئەودا بێت، یا هەر نەبێت چالە نەوتەکان لە ناو زەوییەکدا بێت تاپۆکەی لە گیرفان مام سەردار بێت و حەت پشت مولکی ئەو بێت. کاکە سەردار تاییەتمەندییەك کەشی هەیە بە ئاشکرا پێش خەلکانی کە پشگیری لە ئەمەریکا کردوە و پێشی دەوت و دەلێ بابە گەورە. خۆشی لە وەدایە ئێستا باوە گەورەکەی مامە سەردار کلیلی نەوتەکەی کوردستان بە دەستێوەیەتی باوە بۆش نازانێت نەوتەکە بداتە دیك شینی جێگری یا تەسلیم بە کۆمپانیای نەوتی کوردستانەکەی مامە سەرداری دەکات. داخوا ئەگەر نۆشی گیانی کرد مامە سەردار چی دەلێت ؟. ئەی مامە بوش ئەو هەموو مەسرەفەی بۆ کێیان کردوە. چاوی کالی مامە سەردار یاخود نۆشی گیانی سەرجەم حکومەتەکەی کە ئاشقی نەوتن و زۆربەشیان کۆنە بەنزین فرۆشەکان سەر جادەکانن. هیوادارم ئەگەر نەوتەکەیان نۆشی گیان کرد مام سەردار هەلۆێستی هەبێت.

لەگەل ڕزی بێ پاانم بۆ کاك سەردار. ١٦–٤

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.